# رێکخراوی هارت لاندی ئەمریکی و وەزارەتی مافی مرۆڤ
# لە دیاردەی توندوتیژییان کۆڵیەوە..




لە پێناوی چالاککردنی کارەکان لە بواری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان و پاراستنی مافەکانیان لەم بوارەدا و هەروەها کێشەی بەندکراوە منالەکان و چەند مەسەلەیەکی دیکە ئەمرۆ د. شوان محەمەد عەزیز وەزیری مافی  مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کورستان لە نوسینگەی تایبەتی خۆی لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە (سکۆت پۆرتمان) ی بەڕێوبەری رێکخراوی (هارت لاندی ئەمریکی)کرد...

لەم دیدارەدا کە خاتوو تاڤگە عومەر رەشید بەرێوبەری گشتی کاروباری مافەکانی مرۆڤ ئامادەیبوو چەند تەوەرێکی گرنگ باسیان لێوەکرا و دیارترینیان کێشەی توندوتیژی دژی ژنلن و ئافرەتان بوو کە زۆر بەووردی لەم مەسەلەیە کۆڵدرایەوە و گفتوگۆیەکی چڕی لەسەر کرا و ئاماژەش بەوە درا هەر لەبەر ترسناکی ئەم کێشەیە هەندێجار مافەکانی تاك بە تەواوی پێشێل دەکرێ بەتایبەت لەم دواییانەدا دیاردەی فرۆشتنی ئافرەتان هاتۆتە ئاراوە ئەمەش دوورە لە هەموو نەریتێکی کۆمەڵایەتی و بنەماکانی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ هەردوو لا لەم رووەوە بە ئەرکێکی ویژدانی گەورەیان زانی کار بۆ رێگەگرتن لەم دیاردەیە بکرێ و ئەم کەسانەی ئەم کارانە ئەنجام دەدەن رووبەرووی یاسا بکرێنەوە.

هەروەها دەربارەی پرۆژەیەکی گرنگ بۆ ژیانی ئەو منالآنەی کەلە چاکسازی نەوجەوانانـدا قسە و باسکرا و وەفدی میوان داوایانکرد پرۆژەیەك ئامادە بکریٚ و لەلای ئەوانیشەوە لە هەموو لایەنەکانەوە پشتگیری لێوە دەکرێت... هەر لەم روانگەیەوە جارێکی تر دوپاتکرایەوە کە پێویستە جێگایەکی هەمیشە باش بۆ ئەو کەسانە دابین بکریٚ کە تووشی نەخۆشی دەروونی دێن...

لە تەوەرێکی دیکەدا دیاردەی بەرزبوونەوەی خۆسوتاندن لە کوردستان بەوردی جیٚ گفتوگۆی هەر دوولا بوو و خوازیاریش بوون کە بەزووترین کات چارەسەری تەواو بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە...

بەرێوبەری رێکخراوی هارت لاندی ئەمریکی داوایکرد کە ئەوان لە ئامادەباشیدان بۆ کردنەوەی رۆڵی راهێنان چ لەلای خۆیان یان لە کوردستان بۆ کادیرانی وەزارەت بۆ تێگەیاندن و پەیداکردنی پسپۆرایەتی زێتر لە پێناوی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان... لەبەرامبەریشدا وەزیری مافی مرۆڤ باسی لە زۆر چالاکی و پرۆژە کرد کە لەلایەن وەزارەت ئەنجامدراوە بەمەبەستی ئەم خالآنەی کە باسی لێوەکراو بەدواداچوون و لێپێچینەوەی لەسەریان کراوە و دووپاتیشی کردووە کە وەزارەت ئامادەیە بۆ هەموو هاوکاری و پەیوەندیکردن تالەم بوارەدا کاری باشتر بێتە کایەوە.

شایانی باسە ئەم دیدارە زیاتر لە سەعاتێکی خایاند.